# ئەدەبی کلاسیزمی کوردی و دنیابینی

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

حەقیقەتی(١) شیعری کلاسیزمی کوردی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئایینەوە دەکات، نەک چینی ئەرستۆکرات و زمانی بەرزی ئەو چینە، ئەو حەقیقەتە حەقیقەتێکە نزیک لە هەستی دەستەجەمعی و واقیع، لە پشت ئەو دید و بۆچوونەش وەک ڕوونمان کـــردەوە، بیـــروباوەڕی ئایینی میـترایی و زەردەشتی و مانی و ئێزیدی، دواتر (یارسانی/ ئیسلامی)، (ئێزیدی/ ئیسلامی) و زمانی زارەکی کوردی دواتر زمانی شیعری ڕۆژهەڵاتی و شیعری ئیـسـلامی وەسـتـاوە، لەو تێگەیشـتنەوە، دەگـەینە ئەو دەرئەنجـامـەی کـە بنەمـای فـەرهەنگی ئایینی و ئەدەبی کلاسیزمی کوردی، ئەو وشە و ڕستە ساکارانەن کە لە ناو خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانەدا بە کار دەهێنرێن و دوو هێزی (خێر) و (شەڕ) و (جوانی) کە بە شێوەیەکی گشتی لە ئایینی کـوردان ڕەنگدانەوەی دەبینرێت، لە شـیـعـری کـلاسـیـزمی کـوردیشـدا بەو شێوەیە دەردەکەوێت: لەبەر ئەوەی کردگار هەر گیانە، بۆیە تۆ نازانیت خێر لە کوێوە ڕووت تێ دەکات، بەڵام گیانی کردگار گیـانێکی بەرزە، یان لەبەر ئەوەی هێـزی دروستکەری گیـان لە ئاسمـان دەبێت، بۆیە هەمـیـشـە وا بیـر دەکـەیتـەوە کـە خـێـر لە ئاسـمـانەوە بێـتـە خـوارەوە! کـردگـار لە بنەڕەتدا هەر گیـانێکە، بەڵام چونکە دەچێتە ناو لەشی جۆراوجۆرەوە خۆی لە قاڵبی جیاوازدا پیشان دەدات، ئیتر بە ناویش وەک لەش زۆر دەبێت، لەش لەســەر زەوی دەبێت، بۆیە شەڕیش لەسەر زەوی دەبێت!

زەمـــەنی بوونی مـــرۆیی لە ئایینی (کـــوردان)دا پێکهـاتـەیەکی تـایبـەتە، لە سێ فـاکـتـەری ڕابوردوو و هەنووکە و داهاتوو پێکهـاتووە، ئەو فاکتـەرانەش هێزی خۆیان لە دۆنادۆن و (یەکێـتی بوون) هەڵدەگرنەوە. لە بەرانبـەر ئەوەیش یەکێـتی بوون لە شیـعـری کلاسیـزمی کـوردیدا لە ڕێگای (شـەوق) و (وەجـد) و (قـەلەق) و



**باباتاهیری هەمەدانی**

(عەدەم) دەردەکەوێت. جوانی لە شیعری کلاسیزمی کوردیدا ڕەنگدانەوەی سروشت و دڵی جوانپەرستانە، شاعیری کوردی کلاسیک هیچ جیاوازییەک لە نێوان گوڵێکی جوان و کچێکدا ناکات، گرنگ ئەوە نییە، تۆ کامەیانت خۆش دەوێت، بەڵکو گرنگ خۆشویستنی جوانییە، بە دیوەکەی دیکەش یار، یان دڵبەر لە هەموو جێیەکە، واتە (بوون) لەوە، یان لەوەوەیە، ئیتر (بوونی من) شاعیر بەشێکە لە (بوونی تۆ) دڵبەر، (بوونی من) عەقڵ بەشێکە لە (بوونی تۆ) سروشت. هەموو ئەوانە لە یەکتری جیا نابنەوە، ئەگەرچی وەک دوو جەوهەر خۆیان دەنوێنن، بەڵام ڕاستییەکەی یەک جەوهەرن، ئەو یەکێتییە هەموو شتێک کۆدەکاتەوە، هیچ (بوون)ێک نییە، لە جەوهەرە گەورەکە کە کردگارە، بچێتە دەرەوە، هەموو شتێک لە دەست کردگارە، ئەوەی ئەویش دروستی کردووە وێنەی خۆی دەنوێنێ و بەشێکە لە خۆی، واتە هەموو شتێک وێنەی ئەو جەوهەرەی تێدایە و ئەو جەوهەرەش لەبەر ئەوەی خۆی جوانە، بۆیە لە هەموو جوانەکاندا دەردەکەوێتەوە بەوەش (یەکێتی بوون) دروست دەکەن.

ئەگەر سەرەتای ئەدەبی کوردی وەک مێژوو پێوەندی بە ئایینی کوردییەوە هەبێت و زمانی ڕەسمی ئایین و ئایینزا و عەقیدە شاراوەکانی کوردانیش بە شێوەیەکی گشتی دیالێکتی گۆران بووبێت؟!(٢) کەواتە وەک چۆن بە درێژایی مێژوو ئایینی کوردان بایەخێکی زۆری بە شیعر داوە، بە هەمان شێوەش لە پشت بەشێکی زۆری شیعری ڕەسەنی کوردیش وەک فیکر، دنیابینییەکی ئایینی دەبینرێت! دەمەوێت بڵێم ئەگەر لە پشت (ئایینی کوردان) کێشی خۆماڵی و زمانی ڕەمەکی وەستا بێت و لە پشت فیکری (شیعری ڕەسەنی کوردی) ئایینی کوردی هەڵگرینەوە، ئەوە دەشێ دنیابینی شیعری کلاسیزمی کوردی وەک مێژوو دەلالەت لە توانایی ئایینی بکات، وەک چۆن دنیابینی ئایینی کوردی خۆی لە توانایی دەستەجەمعیدا دەدۆزێتەوە! بەڵام ئەگەر ئایین وەک ئەرک حەقیقەتە گەورەکان لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی دابەزێنێ! ئایا کاری شیعر، کاری ئەدەب ئەوەیە کە ئەو حەقیقەتە گەورانە دووبارە پێشکەش بکاتەوە، ئایا شاعیر پەیامبەری نێوان ئاسمان و زەوییە؟!(٣) لێرەدا دەپرسم ئەگەر شیعری ڕەسەنی کوردی، بیەوێت گوتارێک بۆ حەقیقەت بەرهەم بهێنێ، یان بەمانایەکی دیکە ڕوویەک لە ڕووەکانی حەقیقەت بخاتە ڕوو، ئەی بۆ هەوڵیش نادات چێژی هونەری لە ماڵی زماندا بدۆزێتەوە، ئایا چێژی هونەری و حەقیقەت دوو شتی دژ بە یەکن؟!

هەڵبەتە من مەبەستم نییە، ئەو دنیابینییەی کە لە شیعری کلاسیزمی کوردیدا دەبینرێت، لەبەر ئەوەی دنیابینییەکی ئایینییە، بە دنیابینی میتافیزیکییەوە بەندی بکەم، بەڵکو دەمەوێ دنیابینی شیعری ڕەسەنی کلاسیزمی کوردی و دنیابینی ئایینی کوردان، وەک توانایی دەستەجەمعی و ئاگایی دەستەجەمعی تەماشا بکەم، ئەویش بە پشت بەستن بە تیزەکەی (لۆسیان گۆڵدمان ١٩١٣-١٩٧٠)(٤) کە یەکێکە لەو بیریارانەی هەوڵی زۆری بۆ ناساندنی چەمکی دنیابینی، یان جیهانبینی داوە، هەڵبەتە (گۆڵدمان) سەر بە قوتابخانەی مارکسییە و یەکێکە لە قوتابی و پەیڕەوانی (جۆرج لۆکاش ١٨٨٥-١٩٧١) و کارەکانی دەکەوێتە نێوان سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژیای ئەدەبییەوە. چەمکی دنیابینی لای ئەو تەعبیر لە کۆی ئەو فیکر و بیروڕاو ئاگایی و هەستانە دەکات کە هەر ئەندامێک لە ئەندامەکانی دەستە و کۆمەڵ و چین بە یەکەوە دەبەستێتەوە و هەر لەوێشەوە لەگەڵ دەستە و تاقم و کۆمەڵ و چینێکی دیکە ناکۆک دێتەوە، بەو مانایە دنیابینی: کۆی ئەو خەون و سەرنج و ئاگایی شیاوی ئایینەیی و فیکرە میسالیانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵێک، یان دەستەیەک یان چینێکی دیاریکراو خەون بەجێ بە جێ کردنییەوە دەبینێت، لێرەدا جیهانبینی مەرج نییە هەڵگری حەقیقەتێکی میتافیزیکیانە بێت، وەک چۆن دەشێ تەعبیر لە لێوردبوونەوەیەکی پەتی نەکات،

بەڵکو بە پێچەوانەوە خستنە ڕووی واقیعێکی سەرەکی و دیارە، ئەو واقیعەی کە زانایانی کۆمەڵایەتی بە هەستی دەستەجەمعی وەسفی دەکەن، هەر لەسەر بنەمای ئەو وەسفەوە شیعری کلاسیزمی ڕەسەنی کوردی بە زمان و دنیابینی دەستەجەمعییەوە دەبەستینەوە، ئەو پێناسەیەش ڕاستەوخۆ بە چەمکی پەیوەستبوونمان گرێ دەداتەوە.(٥) دەمەوێ بڵێم دنیابینی شیعری کلاسیزمی کوردی وەک تێگەیشتن، ساتەوەختێکی دیاریکراوی ژیانی خودی کولتووری کوردی دەگەیەنێت، کولتوورێک کە بەشێکی زۆری وزە فیکرییەکانی لە ئایین وەرگرتووە! چونکە وەک (هانز جۆرج گادامێر) دەڵێت: هەموو کولتوورێک تێگەیشتنێکی دیاریکراوی لە خۆدا هەڵگرتووە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتن پێوەندی بە کولتووری دیاریکراوەوە هەیە، کەواتە بەپێی جیهانبینی خۆی دەیسازێنێ.(٦) بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەو دنیابینییە ئایینییەی لە شیعری کلاسیزمی کوردیدا دەبینرێت، دەتوانین لە پرسی وجوودی نزیکی بکەینەوە؟ هەڵبەتە ئەو پرسیارە ڕوویەکی دیکەی هەمان پرسیاری پێشوومانە کە گوتمان: ئایا ئایینی کوردی، ئەدەبی نووسراوی کوردی توانیویەتی بەم بە یەکگەیشتنە (بوونی کوردی) بسەلمێنێ؟!

به شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم دنیابینی شیعری کوردی، جیهانبینییەکی میسالیانەیە، وەک چۆن دنیابینی ئایینی کوردان دنیابینییەکی میسالیانەیە، چونکە هەمیشە دنیابینی ئایینی پێویستی بەزەمانەتی خوایی دەبێ، تاکو دڵنیا بێ لەو ڕاستییەی کە دەیبینێ، بەو مانایەش دنیابینی شیعری کلاسیزمی کوردی نەیتوانیوە بوونی تاکی کوردی کەشف بکات؟!چونکە تەعبیر لەو ئاستە مەعریفییە جیاوازانە ناکات کە لە هەڵنانی زماندا دێتە ناوەوە. لەبەر ئەوەی جیهانبینی شیعری کلاسیزمی ڕەسەنی کوردی لە تێگەیشتنێکەوە هەڵقوڵاوە کە سەرچاوەکەی بۆ ئایینی کوردان دەگەڕێتەوە، نەک بۆ واقیعی کوردی، کەواتە توانایی خوێندنەوەی واقیعی نییە، هەر تێگەیشتنێک توانایی خوێندنەوەی واقیعی نەبێت، دەکەوێتە دەرەوەی ئامادەیی کارایانەوە، لەوێوە سنوورەکانی خۆی دادەمەزرێنێ و پرسیارەکان پەراوێز دەخات، بێ گومان کوشتنی پرسیاری تاکی کوردی هەر تەنیا واقیعێکی بنبەستوومان بۆ ناکێشێ، بەڵکو کۆی ئەو کێشە و تەنگژانەش دەشارێتەوە کە ئەو واقیعە لە دووتوێی خۆیدا هەڵیگرتووە، دەمەوێ بڵێم حەقیقەتی نێوان ئەوەی شیعری کلاسیزمی ڕەسەنی کوردی دەیڵێت و ئەوەی ئایینی کوردی بە قسەی دەهێنێ، خۆی لە نێوان (پرسیار) و (ئەوەی پرسیاری لێ دەکات) دەبینێتەوە، لە نێوان پرسیار و ئەوەی پرسیاری لێدەکات، ئەوەی ناشێ فەرامۆشی بکەین، ئەوەیە کە هەوڵ بدەین زمانی بێگانە سواری زمانی کوردی نەبێت، وەک (عەلائەددین سەججادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە ژێر ناوونیشانی -بۆچ هۆنراوە بە شێوەی هەورامی وتراوە؟- دەری دەخات)، نەک گەڕان بە دوای بوون و پرسیارکردن لە بوونی تاکی کوردی! بۆیە کاتێک لۆژیکی توانایی دنیابینی شیعری کلاسیزمی ڕەسەنی کوردی و لۆژیکی تەواوکردنی ئایینی کوردی لێک نزیک دەکەینەوە، دەبینین وەک چۆن توانایی دنیابینی شیعری کلاسیزمی ڕەسەنی کوردی جۆرێکە لە تێگەیشتن و تەواوکردنی دیاردەگەری ئایینی، بە هەمان شێوە هەڵوەشانەوەی لۆژیکی تەواوکردنی ئایینی کوردی جۆرێکە لە توانایی دنیابینی و واقیعی سەرەکی دەق! واتە وەک چۆن بە بێ تێگەیشتنێکی دیاردەگەرانە لە دنیابینی شیعری کلاسیزمی ڕەسەنی کوردی ناگەین، بە هەمان شێوەش بە بێ تێگەیشتن لە واقیعی دەق ناگەینە دنیابینی ئایینی؟! لێرەدا بەشێکی گەورەی هەر دوو چەمکی (دیاردەگەرایی) و (واقیع) لە ڕێگای ئاگایی دەستەجەمعییەوە خۆیان ئاشکرا دەکەن، بەم جۆرە توانایی زمانی کوردی و توانایی ئایینی کوردان یەک ڕەنگدانەوەی ئەوی دیکەیە، بە مانایەکی دیکە (تێگەیشتن) و (دەق) دەبنە تەواوکەری یەکتری، بۆیە توانایی دنیابینی شیعری ڕەسەنی کوردی لەو ساتەوە دەکەوێت کە ئایینی کوردی بەرەو هەڵوەشانەوە هەنگاو دەنێت! هەر لەو خاڵەوە شیعری کلاسیزمی ڕەسەنی کوردی دەلالەت لە توانایی دنیابینی ئایینی کوردی دەکات، وەک چۆن ئایینی کوردی دەلالەت لە توانایی دنیابینی شیعری کوردی دەکات، هەر لەو خاڵەشەوە شیعری کلاسیزمی ڕەسەنی کوردیمان بە ڕەوانی زمانی کوردی و دنیابینی دەستەجەمعییەوە پەیوەست کرد.

به کورتی دەمەوێ بڵێم وەک مێژوونووسان ئاشکرای دەکەن، بنەما و ناوەرۆکی ئایینی کوردان بەردەوام لە خۆ گۆڕین و خۆ بەرهەمهێنانەوەدایە: میترایی و زەردەشتی و مانی و ئێزیدی، دواتر (یارسانی/ ئیسلامی)، (ئێزیدی/ ئیسلامی)! بە دیوەکەی دیکەش زمان و

شیعری کوردی لەسەر ئەو شێوەیە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و ناکرێ ئەو دووبارە خۆ بەرهەمهێنانەوە ئایینییە، یان ئەو خۆ گونجانە ئایینییە، ژیانێکی دیکە و واقیعێکی دیکە بە زمانی کوردی و شیعری کوردی نەبەخشێت، بۆیە بە بڕوای من ناشێ بەو شێوەیەی کە دکتۆر مارف خەزنەدار بە پێی دیالێکتەکان مامەڵەی لەگەڵ کردووە، قسە لە مێژووی ئەدەبی کلاسیزمی کوردی بکەین، چونکە ناتوانین ئایینی کوردان وەک سەرەتاییەکی بەڵگە نەویست لە شیعری کلاسیزمی کوردی بکەینەوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە؟! بە دیوەکەی دیکەش کاتێ دنیابینی ئایینی کوردان لە بەرانبەر ئەوی دیکەی ئیسلامی و شارستانیەتی ئیسلامی خۆی پێناگیرێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان هەڵدەوەشێتەوە، زمانی کوردیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوی دیکە و ڕەحمەتی زمانی شیعری میللەتانی موسڵمان، لەوێوە زمانی کوردی بە جۆرێکی دیکە و لەگەڵ ژیانێکی دیکەی ڕەوانبێژی عەرەبی تێکەڵ دەبێتەوە، وەک چۆن ئایینی (یارسان)، (ئێزدی) خەباتی خۆیان لە ژێر سێبەری ئایینی ئیسلامی و شارستانی ئیسلامی بەو هەموو لاوازییەوە درێژ دەکەنەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین دنیابینی پێگەی یەکەم (بابا تاهیری هەمەدانی ٩٣٧-١٠١٠) و پێگەی دووەم (گۆران- هەورامی) کە ڕەسەنایەتی شیعری خۆیان لەسەر دنیابینی ئایینی کوردان دامەزراند، بەر لە هاتنی شارستانی ئیسلام و ئایینی ئیسلام بە جۆرێک لە جۆرەکان مردنی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام دنیابینی پێگەی سێیەم (دوای ڕووداوی شەڕی چاڵدێران) و پێگەی چوارەم (پاش دروستکردنی سلێمانی) لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی دیکەی جیاواز و ڕەوتێکی دیکەی جیاواز شیعری خۆیان نوێ کردەوە.

**تێبینی: ئەو لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لە کتێبی (بنەما فیکرییەکانی شیعری کلاسیزمی کوردی) کە ئامادەیە بۆ چاپکردن.**

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- (هایدگەر) وشەی حەقیقەتی یۆنانی بە وشەی کەشفکردن، یان دانەپۆشین و نەشاردنەوە تەرجەمە دەکات.**

**٢- ناوچەی جوگرافی کوردانی گۆران وەک ئەوەی دکتۆر مارف خەزنەدار ئاماژەی بۆ دەکات، دەکەوێتە سەر ئەو هێڵانە: هێڵی سنە، ناوچەی پاوە، ناوچەی کەندوولە، لەسەر ڕووباری خازر، باجەلانەکان لە ناوچەی زەهاو، لە کوردستانی تورکیا گۆرانەکان بە (زازا) ناو دەبرێن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بڕوانە: دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، ل١٠-١١.**

**٣- بۆ ئەو مەبەستە بگەڕێوە بۆ پەراوێزی ژمارە (٤) کە نووسراوە: (ڕۆنسار ١٥٢٤-١٥٨٥) پێی وابوو شاعیر پەیامبەری نێوان خوا و خەڵکە، شیعر لای ڕۆنسار لە زەوییەوە بۆ ئاسمان بەرز دەبۆوە، پێی وابوو شیعر دەبێ سوودی هەبێت و ڕاستییە گەورەکان پێشکەش بکات.**

**٤- لە ساڵی (١٩١٣) لە شاری (بوخارست) هاتۆتە دنیاوەو تەمەنی منداڵی لە شاری (بۆکۆزالن)ی (ڕۆمانیا) بەسەربردووە، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی (بکالۆریا) لە (بوخارست) چووەتە (کۆلیژی ماف)، هەر لەوێشەوە بۆ یەکەمین جار ئاشنای کارەکانی (مارکس) بووە. لە ساڵی (١٩٣٣) لە بواری ئابووری سیاسییەوە تێزی دکتۆرای ئامادە کردووە، هەر لە هەمان ساڵیش مۆڵەتی لە زمانی (ئەڵمانی) وەرگرتووە. ساڵی (١٩٤٠) لە ترسی ئەڵمانیای داگیرکەر بەرەو (فەرەنسا) ڕای کردووە، پاشان بە شێوەیەکی نافەرمی بەرەو (سویسرا) دەچێت و لەوێ لە یەکێک لە سەربازگەی پەنابەران تا ساڵی (١٩٤٣) دەمێنێتەوە، ئینجا بە هۆی (جان پیاجێ)وە لە زانکۆی (زوریخ) ڕێگەی خوێندنی بۆ خۆش دەکرێت و ڕێگەی پێ دەدرێ خۆی بۆ تێزی دکتۆرا لە فەلسەفە ئامادە بکات، پاشان تێزی دکتۆرای لەسەر (کانت) پێشکەش دەکات و دواتر لە زانکۆی (جنیف) وەک یاریدەدەری (جان بیاجێ) دەست بەکار دەکات.**

**٥- عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، شەڕی زمان، لە پێناو تەئویلکردنی دەق، ل٥٣-٥٤.**

**٦- هانز جۆرج گادامێر فەیلەسوفی ئەڵمانی لە ١١ شوباتی ساڵی ١٩٠٠ دوای کۆچکردنی (دیکارت) بە ٣٥٠ ساڵ لەدایکبووە، لەدایکبوونی ئەو ڕێکەوتی هەمان ساڵی کۆچی دوایی فەیلەسوفی بەناوبانگ نیتشە دەکات. بڕوانامەی دکتۆرای هەبووە، دواتر هەر لە ساڵی ١٩٥٣ وەک سەرنووسەری گۆڤاری فەلسەفە کاری کردووە، لەساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کردووە. تێگەیشتن لای گادامێر لە وەرگرتنی نیازی نووسەرەوە هەڵناقوڵێت، نیازی دانەر ئاسۆی تێگەیشتن دیاری ناکات، بەڵکو ئەو ئاسۆیە ڕاڤەکار پڕی دەکاتەوە، ڕاستە ڕاڤەکار شوێنی ناوەندی زمانەوانی پڕ ناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ شێوەکانی زمانەوانی مامەڵە دەکات، ئەو فۆرمانەش بەرەو تێگەیشتنی تایبەتمان دەبەن، ئەو تێگەیشتنەش دەکەوێتە دەرەوەی زمانی دەقەوە. بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، شەڕی زمان، لە پێناو تەئویلکردنی دەق، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە-سلێمانی- ٢٠١٠، ل١٠٧.**